



# تکایە کنە و پشکنین لە شوێنەوارەکانی کوردستان ڕابگرن

ئازاد عەبدولواحید



* لە وڵاتانی دنیای شارستانی کە پێشکەوتنی بەرچاویان بەدی هێناوە، لەسەرووی هەموو شتێکەوە سەروەری وڵات و ئارامی و ئاسایش، سەقامگیری ئابووری بازاڕ فەراهەم بووە. ئەوان کە بە پلان کار دەکەن، پلانی پێنج ساڵە و دە ساڵە و پەنجا ساڵەیان لەبەرچاو گرتووە، هیچ کایە و کەلێن و قوژبنێکیان نەهێشتووەتەوە ئاوڕیان لێ نەدابێتەوە و بە شێوەیەکی زانستیانە کاریان لەسەر نەکردبێ، یەکێک لەو لایەنە گرنگانە بایەخدانە بە فەرهەنگ، ئەوان پێیان وایە وڵاتسازی بەبێ فەرهەنگێکی زیندوو، کەموکوڕییەکی زۆر گەورەیە، بۆیە لەو بوارەشدا کاری زۆر بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان هەموو جومگەکانی ژیان دەکەن، یەکێک لەو بوارە گرنگ و بەرچاوانە شوێنەوارە کە زۆر جێگەی بایەخی زانا و پسپۆڕەکانیانە و بەردەوام ئاگایان لێیەتی و خزمەتی دەکەن.

* جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ خەڵکی ئێمە و بەرپرسانی ئەو بوارە بزانن، جیاوازی زۆر لە نێوان شوێنەوار و کەلەپووردا هەیە، کەلەپوور میرات و پاشماوەکانی باوک و باپیران و دایک و داپیرانمان دەگرێتەوە، هەر لە بیناسازی گەڕەکە کۆنەکان و ئادگار و مەعالیمی شارەکان تا جلوبەرگ و گڵێنەسازی و مسگەری و دارتاشی و خشڵ و کەلوپەلی بەکارهێنراوی ماوەی (٢٠٠) ساڵ، لەو مێژووە بەدواوە کەلوپەل و پارچەکان دەچنە خانەی (شوێنەوار)ـەوە، ناوبەناو ئەو شوێنەوارانەی کوردستان لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکانی شوێنەواری شارەکانی کوردستان، یان لەلایەن قوتابیانی ئەو بەشانە و هەندێ گرووپی بێگانەوە، بە پاچ و خاکەناز و قوڵینگ و قازمە دەکەونە وێزەی ئەو شوێنەوارانە و بەناوی هەڵکۆڵین و هەڵدانەوەیان، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان خەریکی کنە و پشکنینن.

* من ئەم هەڵکۆڵین و بەناو دۆزینەوەیە بۆ ئەمڕۆی کوردستان بە کارێکی زۆر خراپ و نەگونجاوی دەزانم، چونکە زۆرجار لەجیاتی خزمەتکردنی شوێنەوار، زیانی زۆری پێ دەگا، زیانەکەش هیی ئەوەیە شێوازی زانستی لە کنە و پشکنینەکاندا پەیڕەو ناکرێ، ئەوەندەی من لەو بارەوە دەزانم و خوێندوومەتەوە، دەبێ زۆر نەرمونیان و مهیرەبانانە ئەو کارە بکرێ، لە هەندێ شوێن بە فڵچەی تایبەت (نەک خاکەناز و قازمە) ئەو خۆڵ و گڵانە هەڵبدرێنەوە تا زەرەر بە پارچەکان نەگات. شوێنی وا هەیە دەنکە گەنمی تێدایە، هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و بووەتە خەڵوز، هەر چۆنێک دەستیان بۆ ببرێ دەبنە خۆڵ، بۆیە پێویستە هێمنانە و بە کەرستەی پێویست هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ، ئەوە ئەگەر زۆر پێویست بوو ئەو شوێنانە هەڵبدرێنەوە، یان لە پڕ بکەونە بەردەمی نووکی شۆفڵەوە و خەڵکی بەسەر شوێنەوارەکەدا بکەون.

* جارێ بۆ کورد کاتی کنە و پشکنین بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار نەهاتووە، چونکە ئەگەر شوێنەوارەکە زۆر گرنگ و بەرچاو بێ، پێویستە پاسەوانی بۆ دابنرێ تا کەس چاوی تەماع و چاوچنۆکی تێنەبڕێ و دەستی بۆ نەبرێ، بە ئامانج و مەبەستی بازرگانی پێوەکردن، بۆ سوود و قازانجی ماددی دەستدرێژی نەکرێتە سەریان، داوودەزگاکانی حکوومەتیش ناتوانن ئەو هەموو پاسەوانە بۆ ئەو شوێنەوارانە دابین بکەن، بۆیە جارێ دەستیان لێ نەدرێ باشترە و کنە و پشکنینیان تێدا ڕابگیرێ.

* خاڵێکی لەوەش گرنگتر ئەوەیە بۆ ئەوەی کنە و پشکنینیان تێدا نەکرێ: ئێمە وەک کورد تا ئێستا ژێردەستەین و وڵاتەکەمان داگیر کراوە، داگیرکەر کە وڵاتەکەمان بە هیی خۆی دەزانێ، هەموو سامانە گرنگ و بەهادارەکانی، لەوانەش شوێنەوارەکانمان، هەر بە موڵکی خۆی دەزانێ، بۆیە پێش ئەوەی داوودەزگاکانی حکوومەتی عێراق لە کوردستان بکشێنەوە، کە شاری دهۆکی بەجێهێشت هەموو شوێنەوارەکانی ئەو شارەی بۆ بەغدا گوێزایەوە، چونکە بەپێی یاسا بەرکارەکانی عێراق موڵکی ئەو دەوڵەتەن و دەتوانێ بیانبات، بۆیە نابێ پشکنین بکرێ تا ئەو سامانە بۆ داهاتوو بمێنێ. ماوەی (٣٠) ساڵە دڵسۆزانی شوێنەوار و کەلەپوور هاواریانە، زۆریان گوت و زۆریان نووسی کە دەستکاری شوێنەوار نەکرێ، چونکە بازرگانی پێوە دەکرێ، دەرهێنانی شوێنەوار ناپاکی کردنە لە ناسنامە و مێژووی ئەو وڵاتە. ئێستا وەک زانیومانە عێراق پارەی ئەو پشکنینانە نادا، بەڵام هەندێک دەچن گرووپی بێگانە دەهێنن، پارەش لەو وڵاتە وەردەگیرێ، بە داخەوە شوێنەواری کوردستان گوێی خۆی لەو مەسەلەیە خەواندووە و مێش میوانی نییە.